دادگای دادی نەودەوەتی: پێویستە ئیسرائیل ڕێگری لە جینەسایدکردنی خەڵکی غەزە بکات

دادگای دادی نەودەوەتی بڕیاریدا کە پێویستە ئیسرائیل ڕێگری لە جینەسایدکردنی خەڵکی غەزە بکات و هاندەرەکانیش سزابدات، هەروەها گرەنتی دابینکردنی پێداویستیە مرۆییەکان بە کەرتی غەزە بکات.

ڕۆژی هەینی (26ـی کانوونی دووەمی 2024) جۆن دانهیو، سەرۆکی دادگای دادی نەودەوەتی ڕایگەیاند: "دەبێت دەوەتی ئیسرائیل ڕێکاری پێویست بە ڕێگریکردن و سزادانی هاندەرەکان بە جینەسایدکردنی فەلەستینییەکان لە کەرتی غەزە بگرێتەبەر، 16 دەنگ بەرانبەر بە دەنگێک، پێویستە ئیسرائیل ڕێکاری دەستبەجێ و کاریگەر بە گەرەنتیکردنی دابینکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستی مرۆیی بگرێتەبەر، تا دەخی خراپی ژیانی فەلەستینییەکانی کەرتی غەزە چارەسەر بکات".

ڕۆژی هەینی (26ـی کانوونی دووەمی 2024) لەدانیشتنێکی کراوەدا، دادگای دادی نەودەوەتی کە بارگەکەی لە لاهای هەندایە، بڕیاری خێی سەبارەت بە سکاڵاکەی باشووری ئەفریقا دژی ئیسرائیل، لەبارەی تەوەگلانی لە جینەساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەرکرد.